# شەڕی نەوت یان شەڕی دژە تیرۆر

برایم جەهانگیری

هەر چەند پێش ١١ی سپتامبریش بە کردەوە دنیا دوو بەش ببوو و لە راستی دا چ لە ڕووی دەسەڵاتی سیاسی و چ لە ڕووی پێشکەوتنی سەنعەتی، بە وڵاتانی پێشکەوتوو و وڵاتانی پاشکەوتوو دابەشکرابوو، بەڵام کارەساتی ١١ی سپتامبر و کەڵك وەرگرتن لە فرۆکەی مەدەنی و ژن و منداڵی سەفەری بۆ ئەنجام دانی کاری تیرۆریستی، ئەویش بەو شێوە دڕندانەیە کە دنیای هەژاند و ویژدانی مرۆڤایەتی بریندار کرد، ئەم جیاوازی‌و دابەش بوونە ڕووی ئاشکرای خۆی وەدەرخست و ئەمەش لە گوتارەکەی جورج بووش دا هات کە دوای کردەوە تیرۆریستی‌یە گوتی: شەڕی سیهەمی جیهانی دەستی پێ کردووە، بەڵام ئەم شەڕە لەگەڵ لایەنێکی دیار و ئاشکرا نیە ئەم شەڕە لایەنێکی دنیای پێشکەوتوو و دیموکراتیکە بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و لایەنەکەی دیکەی تیرۆریزم و پیشتیوانانی تیرۆریزمن. لەو شەڕە دا بێ لایەن نیە! یان لەگەڵ ئێمەن یان لەگەڵ تیرۆریزم. بەڵێ ئەمە پوختەی گوتارەکەی جورج بووش بوو کە دوای کردارە تیرۆریستی‌یەکە لە کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆنی جیهانی دا بڵاوبۆوە. هەر ئەودەم زۆر دەوڵەتی پشتیوانی تیرۆریزم ئەو مەسەلەیان بە جیددی وەرنەگرت، تەنانەت هەندێ دەوڵەتی ئوروپایش کە لە سەرەتاوە پشتیوانی بە گوڕی ئەمریکا بوون بەرەبەرە سارد بوونەوە.

ئێستا پاش تێپەر بوونی نزیك بە ساڵ و نیویك لەو کارەساتە دەبینن دوو شەڕی گەورە بەڕێبەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کراوە و هەر دووك شەڕیش بە سەرکەوتنی خێرای ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە سەر ئەو دوو وڵاتە دا تەواو بووە. ئەفغانستان و عێراق و یان تالبان و بەعسی سەدام حوسێن دوو ڕێژیمی سەرەڕۆ و دیکتاتور بوون کە لە ژێر زەبری گرانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دا زۆر زوو بوون بە پووشی بەر با و ئاسەواریان نەما.

لەم پێوەندی‌یە دا دوو خاڵی گرینگ هەیە، یەکەم، ئەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دوای ئەم سەرکەوتنانە بەو ئاکامە دەگەن کە ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمانەی کە خەڵکی لە چەنگیان وەزاڵە هاتوون وەك ئاو خواردنەوە وایە، هەر بۆیە لەو بریارەی پێشووی خۆیان (شەڕ لەگەڵ تیرۆریزم پشتیوانانی تیرۆریزم) نە تەنیا پاش گەز نابنەوە بەڵکوو بە گوڕتریش هەنگاو هەڵدێننەوە. جگە لەمە، ئەم کردارەی ئەمریکا هەم لە نێوخۆی ئەو وڵاتە دا و هەم لە نێو ئەم وڵاتانەی دەکەونە بەر هێرشی نیزامی ئەمریکا هەروا پشتیوان و لایەنگری بۆ پەیدا دەبێ و کار دەگاتە جێگایەك کە هەر بە ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێن خەڵکی عێراق بە گشتی ئاڵای ئەمریکا و وێنەی جورج بووش بەرز دەکەنەوە و بە پێچەوانەی هەندێ دەوڵەتی هاوشێوەی سەدام حوسێن کە ئەرتەشی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە داگیرکەر دەزانن خەڵکی رزگار بوو لە چنگ دیکتاتۆری‌یەت و فاشیزم، ئەو ئەرتەشە بە ئەرتەشی رزگاری‌دەر دەزانن.

دیارە ئەو مەسەلە تا ئێرە ڕاستە و تا ڕووخانی ڕێژیمی بەعس خەڵکی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی بەرژەوەندکانیان لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمریکا یەکی گرتۆتەوە و ئایندەش چێ لێ دێ خۆی باسێکی جیاوازە.

خاڵی دووهەم ئەمەیە کە هەندێ ڕێژیمی دیکەش هەن کە ئامانجی دوایی حکوومەتی ئەمریکان. ئەو ڕێژیمانە خۆشیان ئێستا بە تەواوی لێیان ڕوون بووەتەوە کە ئەمریکا کرداری نیزامیان لە سەر ئەنجام دەدا ئەگەر هەروا درێژە بە سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری بدەن، مافی مرۆڤ پێشێل بکەن، ئازادی‌یە دیموکراتیکەکان لەبەرچاو نەگرن و ... بە گشتی بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی و سیستەمی دیموکراتیك هەنگاو نەنێن.

له نێوان حکوومەتەکانی ئامانجی ئەمریکا بۆ شەڕی دژە تیرۆریش دا هەڵوێستی جیاواز هەن. کۆریا دەبێژێ، من وەك عێراق و سەدام حوسێن ناکەم چەکە کۆکوژەکان کەم کەمەوە و یا دەلەناویان بەرم و بە ئاسانی تەسلیمی ڕێژیمی ئەمریکا بم. ئێران لە گێژاوی فرە هەڵوێستی دا تل دەخوا و هەروەك جاران کەس بەربەی کەس ناپێوێ، خامنەای دەڵێ ڕێژیمی عێراق و ئەمریکا لە بنەوە سات و سەودایان کردووە و ڕێك کەوتوون دەنا چۆن ڕێژیمی عێراق بە ٢١ ڕۆژ دەڕۆخێ؟ هەروەها داوا دەکا خەڵکی عێراق هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمان نەکەن. ڕەفسەنجانی بە پاشگەز بوونەوەیەکی تەواو دەڵێ، دەکرێ مەسەلەی ئاسایی کردنەوەی پێوەندی خۆمان و ئەمریکا بە ریفراندوم دابنێین، موحسین ڕەزایی دەڵێ ئێمە لە هەوەلیشەوە ئامادە بوین لە گەل ئەمریکا پێوەندی بگرین ئەوە ئەمریکا بوو ئامادە نەبوو پێوەندیمان لەگەل بگرێ!! لە مەجلیس دا باس لەوە دەکرێ، بەرەیەك پێك بێنن کە لەو دا هەموو هێزەکان تەنانەت ئوپۆزیسیۆنی دەرەوەش تێیدا بەشدار بن.

هەر چەند بە دڵنیایییەوە، هیچیان سەرناگرن و عەقڵیەتی نیزامی ئێران ئەوە نیە کە واقع بینانە بڕوانێتە مەسەلەکان و وەك کەو سەریان لە بن بەفر ناوە پێیان وایە کەس پاشەڵیان نابینێ. سووریەی کۆنە دوژمنی بەعسی عێراق و تازە دۆستی سەدام و ڕێژیمەکەی لە ناو بێدەنگییەکی تاساو دا دەڵێ ئامادەیە هاوکاری بکا بۆ ئاوەدان کردنەوەی عێراقی دوای شەڕ!و هەر وەها دەڵێ ئێمە چەکی کۆ کوژمان نییە و ئەوەی چەکی کۆ کوژی هەیە ڕێژیمی ئیسرائیلە٠

لەگەڵ هەمووی ئەوانە دا ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئامانجی شەڕ" دوای عێراق" یان سوریەیە یان ئێران. بە واتایەکی دیکە لە سووریە و لە ئێران یەکیان مەلایە و یەکیان پاش مەلا. ئەگەرچی پاوێل دەڵێ ئێمە دوای ئیراق هیچ پرۆژەیەکی شەڕمان بە دەستەوە نییە ٠جا ئایا ئەو ڕێژیمانەش هەر ڕێگەی سەدام دەگرنە بەر و خۆیان تووشی ئەو چارەنووسە دەکەن و وێرای وێران کردنی وڵات ماڵە خۆیان و ماڵ و منداڵیشیان وێران دەکەن یان، تەنیا ڕێگای دەرباز بوون لەو گێژاوە واتە مل کچ بوون بۆ ریفراندۆم هەڵدەبژێرن. هەر چەند دوای ریفراندۆمیش کە بە دڵنیایییەوە گۆڕینی دەسەڵاتی بەدوادا دێ ئەو سەرکردە و ڕێبەرانە لە دادگایەکی گەلی دا موحاکەمە دەکرێن. بەڵام لانی کەم ماڵ ومنداڵیان ڕزگار دەبن و وڵاتەکەش وێران نابێ.

کە وایە کارەساتی ١١ی سێپتامبر بوو بە هۆی هەڵگیرسانی ئەو شەڕانە و بڕیاری ئەمریکای بە دوا دا هات. هەر چەند هەندێ لایەن و تەنانەت چەند دەوڵەتێکیش ئامانجی ئەمریکا لەو شەڕانە، داگیرکردنی چاڵە نەوتەکان دەزانن و لە ڕاستی دا ئەم شەڕە بە شەڕی نەوت نێو دەبەن. ئەم بۆچوونە ئەگەر چی ڕەنگبێ بڕێکی ڕاستی پێوە دیار بێ بەڵام بە گشتی بۆچوون و هەڵسەنگاندنێکی کلاسیکییەوە مورکێکی ئیدئولۆژێکیشی پێوە دیارە. ئایا ئەفغانستان و کۆریای باکوور و سووریە هێندە تەژی نەوت و گازن کە ببنە ئامانجی داگیرکردن لە لایەن ئەمریکاوە؟ئایا حکوومەتی ئەمریکا هێندە فەقیرە کە تەنیا بە زۆری چەك و بە شێوەی ئیستیعماری کۆن دەست بەسەر چاڵە نەوتەکانی ناوچە دابگرێ؟ ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە کە هەم ئێرانی خاوەن نەوت و هەم عێراق لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دا بە دزی و بە ئاشکرا نەوتیان هەر بە شیرکەتە نەوتییەکانی ئەمریکا فرۆشتووە، جگە لە مە شیرکەتە نەوتییەکانی ئەمریکایی لە ڕێگای چەند دەلاڵ و دەست و پێوەندێکەوە زۆربەی هەرە زۆری نەوتی ئەو وڵاتانەیان کڕیوەتەوە.

ئەوەی ئەمریکا و سەرمایەداری ئەمریکا و غەربی هاندا تا شەڕی دژە تیرۆر ڕابگەیەنێ " نەزانی و بۆچوونی دوگم و هەڵوێست و کردەوە دڕندانەکانی مەکتەب گەرایانی سەدەکانی ناوەڕاست بوو. ئەوان ئەمنیەتی سەرمایەداری و سەرمایەگوزاری غەربیان دە خەتەر خست. ئەوان لە جیاتی بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەی خۆیان

**پلان و پرۆژە دا بڕێژن و خۆشی و ئاسایشی هاولاتیانی خۆیان لەبەر چاوبێ، پیلان و پرۆژەی تێکدانی ئاسایش و ئارامی خەڵکی دیکەیان دادەڕشت. ئەوان دواکەوتوویی ولاتەکەی خۆیان بە وێران کردنی و تێکدانی ژیانی ئاسایی خەڵکی دیکە قەرەبوو دەکردەوە، ئەمەیە ماکەی شەڕ و هۆی سەرەکی ئەم شەڕانە کە بە دڵنیایی‌یەوە جارێ درێژەی دەبێ. ئاخۆ بڵێی بۆ جارێکیش بووبێ دیکتاتۆرەکان راستی‌یەکان لە بەر چاو بگرن و بەرژەوەندی گشتی بخەنە سەرووی بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆیان و کورسی نەکبەتی دسەلاٚت بە جیً بێڵن٠**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org